# تەوەری یەکەم

# چەمکی جوگرافیای کشتوکاڵ و سەرهەڵدانی ناوەندە کشتوکاڵیەسەرەتاکان

**١- چەمکی جوگرافیای کشتوکاڵ:.**جوگرافیای کشتوکاڵ لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی.

**جوگرافیای کشتوکاڵ لەدوو وشەپێك هاتووە:**

١- جوگرافیا بەمانای زانستی جوگرافیا.

٢- کشتوکاڵ چالاکیەکی سەرەکی مرۆیی.

جوگرافیای کشتوکاڵی پێکدێت لەزانیاری جوگرافی و پەیوەندی بەزانیاری کشتوکاڵی

- جوگرافیای کشتوکاڵ سەرەتا لەچوارچێوەی جوگرافیای ئابوری دەخوێندرا، دوای ئەو پێشکەوتنەی لەبوارەکانی زانیاری روویاندا بەشێوەیەکی گشتی جوگرافیای کشتوکاڵ بوەبەشێکی سەربەخۆ.

جیهانی ئەمرۆ نزیکەی ( ٧.٧٥ ) ملیار کەسە وا سەیری کشتوکاڵ دەکات کە کلیلی چارەسەری کێشەکانی خۆراك دەکات لەجیهان.

- ئەگەر سەدەی نۆزدە شۆرشی پیشەسازی بەخۆیەبینی کە قورسایی ئابوری بۆ پیشەسازی بوو، سەردەمی ئێستا پێویستی بەشۆرشێکی سەوز هەیەو کشتوکاڵ باڵا دەست دەبێ و ئاڕاستەی ژیانی ئابوری و رامیاری و کۆمەڵایەتی دەکات، ئەمەش وا دەکات بەئاڕاستەی بەرهەمی کشتوکاڵی هەنگاو بنێن بەتایبەت لەو شوینانەی کە بنەما سروشتیەکانی بەرهەم هێنانی کشوکاڵیان هەیە.



## ٢-پێناسەکانی جوگرافیای کشتوکاڵ و چەند بۆچوونێك دەربارەی گرنگترین ئەو شوێنانەی کشتوکاڵی لێ دەکرێت

جوگرافیای کشتوکاڵ:. دابەش بوون،چۆنیەتی ئەنجامدانی،هەروەها دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی چاندن و بەخێوکردنیان،شیکردنەوەی جیاوازی کرداری ئەنجامدانیان و پەیوەندی نێوان هۆکارە کاریگەریەکانی و کات و ساتی چاندنیان .

**جوگرافیای کشتوکاڵ:.** بریتیە لەئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دیاردە سروشتی و مرۆییەکان کەکاریگەریان هەیە لەسەر بەروبومی کشتوکاڵی بەهەردوو لقی رووەکی و ئاژەڵی تادەبێتە هۆی جیاوازی شوێنی و کاتی .

جوگرافیای کشتوکاڵ:. یەکێ لەڕوونترین پێناسە بریتیە لە پێناسەی زانا (رید) لەساڵی ١٩٦٤ دەڵێ (جوگرافیای کشتوکاڵ توێژینەوە دەکات دەربارەی جیاوازیەکانی شوێنی کشتوکاڵ کردن و شیکردنەوەی ئەوجیاوازیەی کە لەکرداری کشتوکاڵ کردنەکە بەدی دەکرێ).

## له پێناسانەی زانا(رید) چەند دەرئەنجامێك دەردەكەوێت :

١. جوگرافیای كشتوكاڵ توێژینەوە دەكات لە بەرووبومی كشتوكاڵی (رووەكی و ئاژەڵی) .

٢. دابەش بوونی ئەم بەرووبومانە .

٣. دەست نیشانكردنی هۆكارەكان .

٤. دەست نیشانكردنی پەیوەندی نێوان هۆكارەكان لەگەڵ شیكردنەوەیان كە لە ئەنجامدا جیاوازی شوێنی دروست دەبێ .

٥. كات .

# گرنگترین ئەو شوێنانەی کشتوکاڵی لێ دەکرێت

## ١- ناوچەی ڕۆژهەلاتی دوور

ئەم ناوچەیە چین وباکووری ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئاسیا لەخۆدەگرێت وئاووهەوای وەرزی تیادا سەقامگیرە وەك پلەی گەرمای بەرز و زۆری باران جگە لەبەشی باکووری چین . ئەم ناوچەیە دەولەمەندە بەسەرچاوەی ئاو و خاکی بە پیت و هەلی باران بارینی زۆرە لەوەرزی هاویندا ئەمەش هەلی سروشتی گەشەکردنی سروشتی ڕووەك دەرخسێنیت ، بەرووبومی چەڵتوك لە پێشەنگی بەرووبومە کشتوکالیە گونجاوەکان بۆ ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوە پێشبینی دەکرێت کە چەلتوك لەم ناوچەیە سەریهە لدابیت جگە لەهەندی بەرووبوومی پاقلەمەنی وەك پاقلە و لۆبیا و فاصولییا ، وە لەناوچەکانی باکووری چین و ناوچە شاخاویەکان چەندین

بەرووبووم سەریهەڵداوە وەك

جۆی شەش پەر،کونجی ......



# ٢- ناوچەی دۆلی دەریای ناوەراست

لەم ناوچەیەدا ئاوهەوای دەریای ناوەراست تیایدا سەقامگیرە وەك بارانی زۆر لە وەرزی زستاندا و پلەی گەرمی بەرز ودیاردەی وشكانی لە وەرزی هاویندا خاكی ئەم ناوچەیە بە پیتە بەتایبەتی كەنارەكانی دەریای ناوەراست .

زۆربەی خاكی بەشەكانی رۆژئاوای كەناری دەریای ناوەراست لە جۆری خاكی رەشن وەك كەنارەكانی وولاتانی رۆژئاوای عەرەبی كە بریتین لە تونس و جەزائیر و مەراكش .




بەلام خاكی سوور لەبەشەكانی رۆژهەلاتی دەریای ناوەراستدا بەربلاوە كەدەشتەكانی ناوەو كەنارەكان دەگرێتەوە .

- هەر لەکاتی سەرهەڵدانی مرۆڤ و نیشتە جێبوونی لەم ناوچەیەدا کشتوکاڵ چڕ بوە ولەدەوری ئەم ناوچەیەدا سەنتەری شارستانیە کۆنەکان هەبووە . لەکەناری باشوریشەوە شارستانیەتی میسریەکان و لەرۆژهەڵاتەوە شارستانیەتی دۆڵی رافدین دریژبۆتەوە ولە باکووریەوە شارستانیەتی یۆنان و رۆمانیەکان هەبووە .

- بربرەی ئەو شارستانیانە کشتوکاڵ بووە لەبەربوونی بنەماکانی ئەنجامدانی کشتوکاڵ تیایدا وەك بری بارانی گونجاو و خاکی بەپیت و سەرچاوەی ئاوو چڕی دانیشتوانی ناوچەکە .

## ٣- ناوچەی ناوەراستی ئاسیا

- ئەم ناوچەیە هند و بۆرما و ئەفغانستان هەروەها تاجکستان وئوزبکستان لەخۆ دەگرێت لەبەر فراوانی ئەم ناوچەیە ئاوو هەوا تیادا جیاوازە . کەش و هەوای وەرزی لەبەشی باشوریدا سەقامگیرە ولەبەشی باکوریدا ئاووهەوای بیابانی ووشك سەقامگیرە جگە لەجیاوازی خاك کە پێکەوە .



- بوونەتە هۆی بوونی فرە بەرووبوم . لەبەشی باشوریدا بە زۆری برنج و گە نمەشامی و هەندی پاقلەمەنی وەك ( نۆك لۆبیە فاصولیا ) دەچێنرێت بەهۆی بوونی ئاوو هەوای لەبار بوونی سەرچاوەی ئاو تیایدا بەلاّم لەبەشی باکوریدا پەموی هیندی وگەنم ونیسك وكەتان وكونجی دەچێنرێت ، ئەم سێ ناوچەیە بەبنەمای بلاوبوونەوەی بەروومەكان لەجیهانی كۆندا هەژمار دەكرێت لەبەر لەیكچونی ئاووهەوا لەدۆلی دەریایی ناوەراست و ئەوروپا ، زۆربەی بەرووبومەكان گوازراوەنتە ئەوروپا .

## ٤- كیشوەری ئەفریقا

ئەم كیشوەرە بە دواكەوتوترین كیشوەر ئەژمار دەكرێت لەجیهاندا جگە لەكەنارەكانی باكووری كەبەسەر دەریای ناوەراستدا دەروانێت بەهۆی جێگیربوونی ئاوو هەوای گەرم و شێدار لەسەنتەرەكەیداو ئاوو هەوای بیابانی ووشك لەباشووردا جگە لەناوچەیەك لەگۆشەی باشووری كیشوەرەكە كە ئاو هەوای دەریای ناوەراستی تیایدا جێگیرە ،

- بەگشتی کشتوکاڵ لەم کیشوەرەدا دواکەوتووە بەهۆی سەقامگیری ئاووهەوای نەشیاو لەزۆربەی هەرە زۆری کیشوەرەکەدا ، لەگەل ئەوەشدا هەندی بەرووبوم بەرهەدەهێنرێت کە بەرەچەڵك دەگەرێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە وەك جۆرەها گەنم و جۆ لە ئەسیو بیا و ئەریتریا. بە پێی هەندێ لێكۆلینەوە تازە دەربارەی رەچەلەکی هۆزە مرۆییەکانی پێدەچێ کە نیشتمانی سەرهەلدانی چەندین هۆز لەم کیشوەرە سەریهەلدابێت ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە مرۆڤی سەرەتایی لەو ناوچەیەدا ژیاوە و هەوڵی زیادکردنی داوە ، جگە لەو هەولانەی کە داویەتی بۆ ماڵیکردنی ئاژەل ، دۆزینەوەی پەیکەری مرۆڤی چەرخی بەردینی تازە نزیك لەناوچەیەکی




بیاباندا وبەتەنیشتیەوە کۆمەڵێك پەیکەری ئاژەڵی بربرەیی و ئاسەواری نەهەنگ و ئاژەڵی شیردار دەیسەلمێنێ کە سەرەتای سەریهەڵدانی مرۆڤ لەم کیشوەرەدا بووە .

## ٥-ناوچەی دونیای تازە :

چەندین سەنتەری شارستانی کۆن سەریهەڵداوە لەم ناوچەیەدا لەسەر بنەمای ئەنجامدانی کشتوکاڵی کەلە باشووری مەکسیك و ئەمریکای ناوەند بەچڕی هەبوون ، لەوانە شارستانی ( مایا ) کە بەر لە ٥٠٠ ساڵ لەمێژووی زایینی ، کەچاندنی چەندین بەرووبوومی کشتوکاڵی وەك( گەنمەشامی و فاصۆلیا و پەتاتە ) تیایدا ئەنجامدراوە



# ٦- کوردستانی گەورە

ناوچەیەکی لەبارە بۆکشتوکاڵ لەبەرئەوەی دەرامەتی ئاوی زۆرە ، هەروەها دەشتی تێدا هەیە ، هەروەها دانیشتووانی تێدا نیشتەجێبوە لەکۆنەوە .

**لەهەرێمی کوردستانی عێراقیشدا لەرۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ ناوچەیەك کەناسراوە بە گوندی چەرموو ، یەکەم دێی کشتوکاڵی وپاشماوەکانی تۆوی گەنم وپاقلە ونۆك ونیسك وئامێر سەرەتاییەکانی کشتوکاڵی تیادا دۆزراوەتەوە ، وەك بێل وخاکەناز وتەور و تەوراس .**

